# هۆکارەکانی لێکترازانی ئەردۆغان و داود ئۆغلۆ؟

نوسینی: گەیلان عەباس



11 مایسی 2016

# هۆکارەکانی لێکترازانی ئەردۆگان و ئۆغلۆ؟

**نوسینی: گەیلان عەباس – توێژەری سیاسی**

ئێوارەی رۆژی چوارشەممە 2016/5/4، رەجەب تەیب ئەردۆگان و ئەحمەد داود ئۆغلۆ، کۆبوونەوەیەکی نائاساییان ئەنجامدا. دانیشتنەکەیان تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن دەربارەی ناکۆکییەکانی ئەم دواییەی نێوانیان. بەڵام پاش چەند کاتژمێرێک دەرکەوت کۆبونەوەکە بەبێ ئەنجام کۆتایی هاتووە. دوابەدوای دیدارەکەش راستەوخۆ دەنگۆی دەست لەکارکێشانەوەی ئەحمەد داود ئۆغلۆ لە پۆستی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی ئاک پارتی لە میدیاکاندا بڵاوبویەوە.

رۆژی دواتر بە هەمان مەبەست داود ئۆغلۆ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئەنجامدا، لە گوتارەکەشیدا کە لە بەردەم بەرپرسە باڵاکانی پارتەکەیدا پێشکەشی کرد رایگەیاند "بڕیارمداوە لەکاتی بەستنی کۆنگرە لە 2016/5/22 دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی ئاک پارتی ببم، چیتر خۆم بۆ ئەو پۆستە ناپاڵێومەوە و دەستلەکار دەکێشمەوە". هاوکات ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد کە بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی بەر ئەنجامی بڕیاری کەسی خۆی نەبووە، بەڵکو پێویستی دۆخەکە ئەوەی لێ خواستەوە کە دەست لەکار بکێشێتەوە.

پەیوەندی نێوان ئەردۆگان و ئۆغلۆ تائەوکاتە ئاسای بوو کە ئۆغلۆ لە ئەیلولی ساڵی 2014 پۆستی سەرۆک وەزیرانی تورکیای وەرگرت. بەڵام دوای تێپەربونی نزیکەی 20 مانگ بەسەر دەستبەکاربونی لە هەردو پۆستی سەرۆک وەزیران و سەرۆکایەتی ئاکپارتی، دەرکەوت داود ئۆغلۆش هاوشێوەی عەبدوڵا گویل و هاوەڵەکانی سەرنجی لەسەر هەڵسوکەوت و

خواستە کەسییەکانی ئەردۆگان هەبووە، بەڵام پاش ئەوەی ئۆغلۆ بوو بە خاوەن دەسەڵات، هاوشانی ئەردۆگان لەنێو ئاکپارتی و لەحکومەتدا ئیدی لەوێوە جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوانیان دەرکەوتن.

زۆرێک پێیان وایە ئەو کێشانەی ئێستا باسیان لەبارەوە دەکرێ رەگێکی مێژوویان هەیەو سەرەتاکەیان دەگەرێتەوە بۆ ئەو ناکۆکیانەی کە لە سەرەتای دەسبەکاربونی داود ئۆغۆ لە پۆستی سەرۆک وەزیران باسیان لەبارەوە دەکرا، هەندێکی دیکە بە پێچەوانەوە، دەڵێن ئەوەی رویداوە گوزارشتە لە پرۆسەی دیموکراسی ناوخۆی و لە دەرئەنجامی جیاوازی دیدو بۆچونی ئازاد لە نێو ئاک پارتیدا هاتوەتە گۆرێ. بەڵام ئەوەی تێبیی دەکرێت، دەریدەخات کە لە بنەرەتدا بابەتەکە بەو جۆرە نییە، بەڵکو بەردەوامی ململانێکان و تۆخبونەوەی جیاوازیەکانی ئەم دوو کەسایەتییە، لەپاڵ دەرکەوتن و ئەدائی باشی داود ئۆغڵو بەتایبەت لەسەر ئاستی نێودەولەتی، ناکۆکییەکانی ئەو دوو سەرکردەیەی ئاک پارتی گەیاندە ئاستی کێشە و بنبەست، کە سەرئەنجام بە بڕیاری دورکەوتنەوەی داود ئۆغڵۆ کۆتایی پێهات.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی ئۆغڵۆ لەم کاتەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا بڕیارەکەی لەناکاو بوو؟ یاخود بڕیارێک بوو کە چەندین هۆکار و پاشخانی رابردوی لە هەناویدا هەڵگرتبوو؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە وا باشە بە گشتی باس لە هۆکارەکانی پشت دەست لەکارکێشانەوەی ئۆغڵۆ لە هەردوو پۆستە حزبی و حکومیەکەی بکەین.

ئاشکرایە دیارترین هۆکارەکانی بۆ دورکەوتنەوەی ئۆغلۆ پەیوەستە بە ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئەردۆگان بەدرێژایی ماوەی رابردو، بۆیە دەکرێت هۆکارەکانی پشت ئەم هەڵوێستەی سەرۆک وەزیران، لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە، بەم جۆرە:

## یەکەم. ناکۆکی دەربارەی رۆڵی هاکان فیدان

یەکێک لە خالەکانی ناکۆکی نێوان ئەردۆگان و ئۆغلۆ پەیوەندی بە (هاکان فیدان - سەرۆکی دەزگای هەواڵگری تورکیا: میت)ەوە هەبوو. سەرەتای ئەو کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەکاریەکانی پێش هەڵبژاردنی 7 ی حوزەیرانی 2015.

داود ئۆغلۆ خواستی هەبوو (هاکان فیدان) یەکێک بێت لە کاندیدانی نێو لیستی ئاک پارتی لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیادا. لە بەرەمبەردا (هاکان فیدان)یش ئامادەی خۆی نیشاندا، دواتر دەست لەکار کێشانەوەی خۆیی لە پۆستی راوێژکاری دەزگای میت رادەستی سەرۆک وەزیران کرد، ئەویش پەسندی کرد. بەڵام دواتر ئەردۆگان پێشنیارەکەی ئۆغلۆی بەفەرمی رەتکردەوەو داوای لەهاکان فیدان کرد لە دەزگای میتدا درێژە بەکارەکەی بدات. بەم جۆرە هاکان لەسەر داوای ئەردۆگان لەبریارەکەی پاشگەزبویەوەو لە ململانێکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان کشایەوە. راستەوخۆش گەڕایەوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی دەزگای هەواڵگری تورکیا. لای خۆشیەوە هاکان فیدان هۆکاری پاشگەزبونەوەی لەبڕیارەکەی پێشوی گەڕاندەوە بۆ پێشنیارو راوێژکردنی بە سەرۆک ئەردۆگان، کە وای پێ باشبووە ناوبراو کارەکەی خۆیدا بەردەوام بێت. بەڵام دواتر دەرکەوت کە بەهۆی ناڕازی بوونی ئەردۆگانەوە، هاکان فیدان ناچار بووە داواکارییەکەی

ئۆغلۆ ڕەتبکاتەوە. نەوەک بڕیارێک بوبێت کە لەسەر بنەمای قەناعەتی داود ئۆغلۆی کاری لەسەر کرابێت. دەربارەی وروژاندنی ئەم بابەتەش لەمیدیاکاندا داود ئۆغلۆ ئەو پرسەی بەجیاوازی بۆچونی خۆی و ئەردۆگان پێناسەکرد، بەڵام ڕاشیگەیاند بڕیارەکە بۆ سودی ئاک پارتی نراوە.

سەرئەنجام خۆکاندیدکردنی هاکان فیدان و دواتر پاشگەزبونەوەی بە خواستی ئەردۆگان، دەکرێت وەک سەرەتای ئاشکرابوونی جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان ئەردۆگان و داود ئۆغلو ئاماژەی بۆ بکرێت.

## دووەم. ناکۆکی دەربارەی حکومەتی هاوپەیمانی

پاش شکست هێنانی ئاک پارتی لە هەڵبژاردنەکانی 7 حوزەیران، لە کۆکردنەوەی زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمان، داود ئۆغلۆ وەک سەرۆکی پارتی زۆرینە دانوستانەکانی لەگەڵ سێ پارتە براوەکەی دیکەی پەرلەمان (جەهەپە، مەهەپە، هەدەپە) بۆ پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی دەست پێکرد. بەڵام هەر زوو بیرۆکەی حکومەتی هاوپەیمانی لەلایەن ئەردۆگانەوە ڕەتکرایەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی ئەردۆگان ڕایگەیاند حکومەتی هاوپەیمانی حکومەتێکە کە لە مێژوی تورکیادا ئەزمونێکی سەرکەوتوی نییە، بۆ خۆشی وەک سەرۆک کۆمار هیچ پشتگیرییەک لەو بیرۆکەیە ناکات. ئەم خواستەی ئەردۆگان دەستی داود ئۆغلۆی بەست، بەجۆرێک دادوئۆغلۆ، سەرەڕای هاوبۆچونی و هەوڵەکانی لە پێناو پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی، بەڵام پاش چەند گەڕێکی دانوستان لەگەڵ سێ پارتە براوەکە، ئۆغلۆ شکستی هێنا. بەم شێوەیە خواستی ئەردۆگان بەسەر ئامانجەکەی ئەوکاتەی ئۆغلۆدا سەرکەوت. لە کۆتایشدا بە پلانی ئەردۆگان جارێکی دیکە تورکیا ڕووەو هەڵبژاردنی پێشوەختە ئاراستەکراو لە

ئاکامیشدا حکومەتی زۆرینە بە رابەرایەتی ئاک پارتی و دڵخوازی ئەردۆگان پێکهێنرایەوە.

## سێهەم. ناکۆکی لەسەر پرسی کورد

یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی کە جیاوازی و ناکۆکیەکانی نێوان ئەردۆگان و ئۆغڵۆ و ئەندامانی ئاک پارتی لەسەر ئاستی راگەیاندنەکان دەرخست، ئەو خاڵە بوو کە پەیوەندی بە پرسی چارەسەری و ئاشتی نێوان کورد (پارتی کرێکارانی کوردستان) و دەوڵەتی تورکیاوە هەبوو.

دانوستانەکانی ئاشتی کە لەساڵی 2012ەوە دەستیان پێکردبوو، بەردەوامیان هەبوو لەنێوان هەردولادا، تا لە 2015/2/28 شاندی هەدەپە، لەگەڵ حکومەتی تورکیا لە کۆشکی (دۆڵمەباخچە) لە ئیستەنبوڵ کۆبوونەوە. دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا بەسەرپەرشتی داود ئۆغڵۆ رێککەوتننامەکەیان لە 10 خاڵدا راگەیاند. بەڵام ئەوەی سەرنجی هەموانی لەم نێوانەدا راکێشا ئەوەبوو کە ئەردۆگان لەم بارەیەوە رایگەیاند" شتێک نییە بەناوی رێککەوتنی دۆڵمەباخچە، چونکە هیچ کات لەگەڵ لایەنێک رێککەوتن نەکراوە کە هەمیشە پشتگیری لە تیرۆر دەکات". دواتریش لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی ٧ی حوزەیرانیشدا گوتی "شتێک نییە بەناوی کێشەی کورد"، دوای راگەیاندنی ئۆپەراسیۆنەکانیش ئەردۆگان کۆتای هاتنی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری بە یەکجاری راگەیاند.

بە ئێستاشەوە سەرەڕای بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکان دژ بەکورد لەلایەن حکومەتەکەی ئۆغڵۆوە، بەڵام ئۆغڵۆ هیچ کات ڕاینەگەیاندووە کە پرۆسەی ئاشتی کۆتایی هاتووە. ناوبراو هەمیشەش لەبارەی پرۆسەی چارەسەری و

گفتوگۆکردن لەگەڵ پەکەکە رای تەواو جیاواز بووە لەگەڵ ئەردۆگان، چونکە ئۆغلۆ زیاتر بڕوای بە سیاسەتی نەرمە هێز و رێگاچارەی دیپلۆماسی و ئاشتیانە هەیە، لە پێناو سفرکردنەوەی کێشەکاندا. بە پێچەوانەی ئەردۆگان کە زیاتر بڕوای بە پرەنسیپی قوڵبونەوەی کێشەکان هەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجیش میکانیزمی سەربازی بەگونجاو دەزانێ. لەماوەی رابردوشدا ئەم ئەزمونەی دژ بە "خۆپێشاندەرانی گەزی پارک، لایەنگرانی فەتحولا گیولەن، هاولاتیانی سڤیل و کوردەکانی باکور". تاقی کردەوە. بەڵام ئۆغلۆ تا ساتەوەختی بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی پێی وابوو کە پێویستە بەجۆرێک لە جۆرەکان گفتوگۆی نێوان کورد و تورکیا بەردەوامی هەبێت، ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت. ئەوەش لە پێناو راگرتنی شەڕ و ئارامکردنەوەی دۆخی ئەمنی تورکیا.

بەم جۆرە کۆتایی هێنان بە قۆناغی چارەسەری پرسی کورد لەلایەن ئەردۆگانەوە، جارێکی دیکە ئاستی جیاوازی و بۆچونی داود ئۆغلۆ و ئەردۆگانی ئاشکراکرد. بۆیە دەکرێت پرسی کورد و مامەڵەکردن لەگەڵیدا، وەک یەکێکی دیکە لە خاڵەکانی ناکۆکی هەردولا باسی لەبارەوە بکرێت.

## چوارەم. ناکۆکی دەربارەی پرسی دەستور و سیستمی سیاسی تورکیا

ئەردۆگان بەرلەوەی دەست لەکاری حیزبایەتی بکێشێتەوە، داوای لەوکەسە کرد کەدەبێتە جێگرەوەیی لە پۆستی سەرۆکایەتی ئاک پارتی، بۆ ئایندە دوو ئامانجی هەبێت. ئامانجی یەکەمی بریتی بێت لە گۆڕینی سیستمی سیاسی تورکیا، ئامانجی دوەمیشی بەگژداچونەوەی دیاردەی حکومەت لەنێو حکومەت بێت، کە مەبەستی لە (بزوتنەوەی خزمەتی فەتحولا گیولەن) بوو.

ئۆغلۆ لەوکاتەدا یەکێک بوو لەو کەسانەی کە پشتگیری ئەو بۆچونانەی ئەردۆگانی دەکرد، هەر ئەمەش رێگە خۆشکەربوو تاوەکو ببێتە شوێنگرەوەی ئەردۆگان و سەرۆکایەتی ئاک پارتی بە پشتیوانی ئەردۆگان پێ بسپێردرێت. بەڵام ئەوەی جێگای تێبینی بوو، ئەوەبوو پاش ماوەیەک لەدەستبەکاربونی داود ئۆغڵۆ هەست دەکرا بۆچونی لەبارەی چەند بابەتێکەوە بە پێچەوانەی ئەردۆگان گۆڕاوە، بەتایبەت لەبارەی گۆڕینی سیستمی سیاسی تورکیا.

بۆ نمونە یەکێک لە دروشمەکانی ئاک پارتی لە هەردوو هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیا کە لەلایەن ئەردۆگانەوە بەرزکرایەوە بریتی بوو "لە گۆڕینی دەستوری تورکیاو سیستمی سیاسی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی"، هەر لەسەرەتاوە بەشێک لە ئەندامە دیارەکانی نێو ئاک پارتی لەگەڵ ئەو دروشمە هاوڕا نەبون، یەکێک لەوانە داود ئۆغڵۆ بوو، لەم بارەشەوە ئۆغڵۆ لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا رایگەیاند "گەلی تورکیا دەنگ نادەن بە ئاک پارتی تاوەکو دەستوریان بۆ بگۆڕێت" لەبەرامبەردا ئەردۆگان لە 15ی ئابی 2015 لەبارەی پێویستی گۆڕینی دەستور رایگەیاند" سەرۆکی تورکیا پابەند بووە بەدەستورەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو گۆڕانکارییانە بەسەر دەستوردا بهێنێت کە هاوڵاتیان لەرێگەی دەنگدان بە پارتەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا داوایان لێی کردوون".

مەبەستی سەرکی ئەردۆگان لەم هەنگاوە بۆ ئەوەیە کە بتوانێت لەرێگای دەستورێکی نوێوە سیستمی سەرۆکایەتی لەتورکیادا بسەپێنێت. یەکێک لە هۆکارەکانی هاوڕا نەبونی ئۆغڵۆش لەگەڵ ئەردۆگان، پەیوەستە بە چۆنیەتی دابەشبونی دەسەڵاتەکان لە سیستمی سیاسی سەرۆکایەتی

تورکیادا. ئەوەی ئەردۆگان دەیخوازێت لەو سیستەمەدا ئەوەیە کە کۆی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن لە دەستی سەرۆک کۆماردا کۆبکاتەوە، واتە سەرۆک کۆمار ببێتە خاوەن دەسەڵاتی ڕەها. لەبەرامبەردا سەرۆک وەزیران و دەسەڵاتی یاسادانان تەنها بەشێوەیەکی شکڵی و تەشریفاتی بمێننەوە. بێگومان ئەم دۆخەش لە بەرژەوەندی ئۆغلۆ نییە، چونکە راستەوخۆ و بەواقیعی وردە وەردە رۆڵی سەرۆک وەزیران بچوک دەکرێتەوەو لە کایەی بریاردان پەراوێز دەخرێت. هەربۆیە ئۆغلۆ پاش بەردەوامبونی لەپۆستی سەرۆک وەزیران و زیاتر دەرکەوتنی رۆڵی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا، ئیدی وردە وردە لەسەر شێوازی سیستەمی سیاسی تورکیا لەگەڵ ئەردۆگان بۆچونی پێچەوانە بویەوە. هەرچەندە هەوڵی دا ململانێی ئەردۆگان و ئەم پرۆژەیە شکست پێ بهێنێت. بەڵام سەرئەنجام وەک ئەوەی ئەردۆگان دەیخواست، گۆڕینی دەستور و سیتەمەی سیاسی بۆ سەرۆکایەتی، بوو بە ستراتیژی یەکەمی فراکسیۆنە پەرلەمانیەکەی ئاک پارتی بۆ چوار ساڵی ئاینده.

## پێنجەم. ناکۆکی دەربارەی رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا

بەم دواییانە یەکێتی ئەوروپاو حکومەتی تورکیا بە سەرپەرشتی داود ئۆغلۆ رێککەوتنێکیان لەبارەی چارەسەری کێشەی پەنابەران و وەستاندنی شەپۆلی کۆچبەران بەرەو ئەوروپا واژۆکرد. لەبەرامبەردا یەکێتی ئەوروپا بەڵێنی هەڵگرتنی ڤیزای شنگنی بە هاوڵاتیانی تورکیا دا، بەڵام بەومەرجەی حکومەتی تورکیا کۆمەڵێک هەنگاو جێبەجێ بکات کە یەکێتی ئەوروپا دەیخوازێت. مەرجەکانیش بریتین لە "هەموارکردنەوەی یاسای دەستکەوتنی زانیاریی، بەجۆرێک سەرچاوە ئەمنییەکانیش بگرێتەوە، هەموارکردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ئازادی رادەربڕین،

پتەوکردنی مافی کەمینەکان و ئەنجامدانی چاکسازی لە بنەمای شەفافییەتدا".

هەرچەندە ئۆغلۆ ئەم ڕێککەوتنەی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا واژۆ کردووە، بەڵام پێناچێت ئەردۆگان ڕازی بێت بە جێبەجێکردنی، بۆنمونە ئەردۆگان ڕاستەوخۆ چەند مەرجێکی تا ئێستا ڕەتکردوەتەوە لەوانەش هەمواركردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر. لەم بارەوە ئەردۆگان لە میانەی مەراسیمێکی شارەوانی ئەیوبی لە ئیستەنبوڵ رایگەیاند "تورکیا یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەموار ناکاتەوە، ئەگەر ئەوە مەرجی لابردنی ڤیزە بێت و تا ئێمە ئەو یاسایە بگۆڕین، ئەوا ببورن، هەرکەس با بەرێگای خۆیدا بروات"

لەلایەکی دیکەوە داود ئۆغلۆ لەبارەی شەفافییەت و دەستکەوتنی زانیاری دەرباری سەرچاوەی دارایی حیزبەکان، پاکێجێکی بۆ ئاشکراکردنی ماڵ و سامانی ئەندامانی پارتەکەی ئامادەکرد و پێشکەشی ئەندامانی باڵای ئاک پارتی کرد. بەڵام ئەردۆگان دژی ئەم هەنگاوەش وەستایەوە، ئەمجاریش بە دەستی ئەردۆگان هەنگاوێکی دیکەی داود ئۆغلۆ شکستی پێهێنرا. ئەمەو دەرکەوتنی داود ئۆغلۆ وەک تاقە پاڵەوانی ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا، هاوشانی لێدوانەکانی سەرکردەکانی یەکێتی ئەوروپا کە دەیانگوت ئەوان ڕێککەوتنی مێژووییان لەگەڵ داود ئۆغلۆ واژۆ کردووە، لەبەرامبەردا جۆرێک لەکاردانەوەی توند لەلایەن ئەردۆگان دژ بە ئۆغلۆ هاتە ئاراوە، بە رادەیەک ئەردۆگان لەسەر شاشەکانی تیڤییەوە لەم بارەیەوە گوتی " تێناگەم بۆچی ئەم بابەتە بە سەرکەوتن ناودەبرێت، لەکاتێکدا لە سەردەمی کابینەی حکومەتەکەمدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین

که له مانگی 2015/10 دا مەرجی ڤیزەی شنگن لەسەر هاوڵاتیانی تورکیا هەڵبگیرێت، بەڵام دوای دووکابینە ئێستا ئەو بەروارە کراوە بە مانگی 2016/6، کەواتە ئەوە سەرکەوتنێکی هێندە گەورە نییە؟". ئەم لێدوانە دەریدەخات کە ئەردۆگان چ هەستێکی بە غرور کردووە لەو بەناو سەرکەوتنەی لە میدیاکانەوە دەدرایە پاڵ ئۆغڵۆ.

## شەشەم: ناکۆکی دەربارەی ئازادی بیروڕاو مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی ئەکادیمیدا

هەریەک لەداود ئۆغڵو و ئەردۆگان ڕای جیاوازیان هەیە دەربارەی پرسی ئازادی بیروڕاو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی و ڕۆژنامەنوساندا.

لە پرسی ئازادی بیروڕادا، داود ئۆغڵو زۆرجار دژی ئەوەیە کە سنور بۆ بیروڕای جیاواز و ئازادی ڕۆژنامەگەری دابنرێت، لەبەرامبەردا بە پێچەوانەوە لەماوەی شەش مانگی رابردوودا ئەردۆگان هەڵمەتێکی چری کردووەتە سەر میدیا ئۆپۆزسیۆنەکانی تورکیا. لەلایەکی دیکەشەوە هەڵمەتێکی دیکەشی بۆ دەستگیرکردنی کەسانی ئەکادیمی و مامۆستایانی زانکۆ دەستی پێکردووە. بە تۆمەتی پاڵپشتیان لە تیرۆر و سوکایەتیکردن بە سەرۆک. بەڵام دەردەکەوێت کە ئەو کردەوانە لەلای داودئۆغڵو پەسند نەبووە. ئەوە لەکاتێکدا ئۆغڵۆ لەبنەڕەتدا بۆخۆی کەسێکی ئەکادیمیەو خاوەن تیۆریای سفرکردنەوەی کێشەکانە لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەراست. ئۆغڵۆ لە بارەی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی و مامۆستایانی زانکۆ رایگەیاندوە کە ئەو هیچ کات لەگەڵ سوکایەتی پێکردن و ڕاگرتنی کەسانی ئەکادیمیدا نییە، هاوکات پێی وایە ئەگەر ئەو کەسانە تۆمەتباریش بن پێویستە بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. وەک چۆن

بە پێویستی نازانێت ئەو کەسانە راپێچی زیندانەکان بکرێن و رابگیرێن، بەر لەوەی لەرێگەی دادگاوە تۆمەتەکانیان لەسەر ساغ بوبێتەوە. لەبەرامبەردا ئەردۆگان دەڵێ" پێویستە ئەوکەسانە کە لەسنوری ئازادی خۆیان لایانداوە، دەستگیربکرێن و رابگیرێن و دواتر بریاربدرێت لەرێگەی دادگاوە بۆ سزادانیان".

## حەوتەم: ناکۆکی دەربارەی ئاستی ریکخستن و کاری حزبایەتی

یەکێکی دیکە لەخاڵە ناکۆکەکانی نێوان ئەردۆگان و ئۆغلۆ پەیوەندیدارە بە دەست تێوەردانەکانی ئەردۆگان لەکارەکانی ئۆغلۆ، لەنێو کاری سیاسی ئاک پارتی و کاری حکومی و بەرێوەبردندا، کە ئەمە خۆی لەخۆیدا کردەیەکی نادەستوریی و نا یاساییە.

سەرۆک کۆمار بەپێی دەستور کەسێکی بێلایەنە، ئەو رۆژەی دەبێت بە سەرۆکی وڵات پێویستە دەست لە پۆستە حیزبیەکەی بکێشێتەوە. بەڵام ئەردۆگان سەرەڕای دەست لەکارکێشانەوەی لەسەرۆکایەتی ئاک پارتی، بەڵام تا ئێستاش چەند جارێک وەک سەرۆکی ئاک پارتی مامەڵەی کردووە، دیارترین نمونەکانیش بەم دوایانە لەم چەند ڕوادوەی خوارەوەدا بەدیدەکران:

ئەردۆگان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی 7 حوزەیرانی 2015، راستەوخۆ خۆی لە 70% کاندیدەکانی لیستی ئاک پارتی دەست نیشانکرد، لە هەڵبژاردنی دووەمیشدا بە پێچەوانەوە، واتە لە هەردوو قۆناغەکەدا ئەردۆگان دەستی لەکاری حزبەکەی وەردا، کە ئەمەش بە راستەوخۆ دەستتێوەردان و لێدان بوو لە دەسەڵاتەکانی ئۆغلۆ لەنێو ئاک پارتیدا.

سەرپەرشتی کردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئەردۆگانەوە، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی 7ی حوزەیراندا کە بەپێی دەستوری تورکیا کارێکی نادەستوری بوو. ئەوە جگە لەوەی دەبوو سەرۆکی لیست سەرپەرشتی هەڵمەت و پانێڵەکانی پارتەکەی بکات، بەڵام رۆڵ و دەرکەوتنەکانی ئۆغلۆ بە بەراورد بە ئەردۆگان زۆر پەراوێزخرابوو.

ئەردۆگان لەکابینەی نوێی حکومەتی تورکیادا بەبێ راوێژکردن بە داود ئۆغڵۆ وەکو سەرۆکی ئاکەپە مامەڵەی کرد، بەجۆرێک بۆ خۆی لیستی کابینەی حکومەتەکەی داود ئۆغڵۆی پێشنیارکرد و کەمترین کەسایەتی دڵخوازی ئۆغڵۆ لەنێو کابینەکەدا جێگایان کرایەوە.

لەماوەی رابردودا شەش جار ئەردۆگان وەک سەرۆک کۆماری تورکیا سەرۆکایەتی کۆبوونەوە نائاساییەکانی کابینەی حکومەتەکەی داود ئۆغڵۆی کردووە، دواین کۆبونەوەشیان لەرێکەوتی 2016/5/2 بووە. هەرچەندە بەشداربون و سەرۆکایەتی کردنی ئەردۆگان لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران، وەک سەرۆک کۆمار کردەیەکی نا دەستوری نییە، بەڵام دوبارەبونەوەی لەماوەی رابردودا بۆ زیاتر لە شەش جار، ئاماژەیەکی راستەوخۆی دەستتێوەردانی ئەردۆگان بوو، لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (داود ئۆغڵۆ).

ئەردۆگان و ئۆغڵۆ لەبارەی چۆنیەتی دامەزراندنی ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی جێبەجێکاری ئاکپارتی بۆچونی جیاوازیان هەبوو، بەوجۆرەی کە ئایا ئەندامانی ئەنجومەنەکە ٥٠ ئەندامی رەسمی بن، یاخود 25 ئەندامی یەدەک و 25 رەسمی، لەم نێوانەشدا ناکۆکیەکانیان دوای ئەوە دروست بوو

کە ئۆغلۆ لیستێکی 25 ئەندامی پێشنیار کرد، بەڵام دواتر لەلایەن ئەردۆگانەوە رەتکرایەوە.

لە ئێستاشدا ئەنجومەنەکە، وەک رابردوو لە 50 ئەندام پێکدێت کە زۆرینەیان بە کەسانی نزیک لە ئەردۆگان ناسراون و بەوجۆرەش بریاردەدەن کە خواستی ئەردۆگانی لەسەر بێت.

بەم دواییانە داود ئۆغلۆ گۆرانکاریی لە تەواوی رێکخستنەکانی ئاک پارتیدا دەستپێکرد، سەرەتا بە گۆڕینی بەرپرسی هەرێمەکانی ئاکپارتی، کە بەپێی پەیڕەوی حیزبەکە لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەو حیزبەدابوو، هاوکات بۆ ئەو گۆڕانکاریانەش سەرۆکی حیزب پێویست نییە بگەرێتەوە بۆ هیچ دەسەڵاتێکی دیکە.

بەڵام رۆژی 29ی نیسانی 2016 لە لەسەر پێشنیاری ئەردۆگان کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی جێبەجێکاری ئاک پارتی بەسەرپەرشتی ئەحمەد داود ئۆغلۆوە بەرێوەچوو. لەو دانیشتنەدا ئەوەی بۆ ئۆغلۆ چاوەروان نەکراوبوو، ئەوەبوو زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجومەنەکە بڕیاریاندا کە دەسەڵاتی دامەزراندن و لەسەر کارلادانی سەرۆکی ناوچەو هەرێمەکانی پارتەکە لە سەرۆک و یاریدەدەری پارتەکە وەربگرنەوە، ئەوە لەکاتێکدا ئەنجوومەنی ناوەندی جێبەجێکاری ئاک پارتی پێشتر لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەردۆگاندا، بە بڕیارێک دەسەڵاتی دامەزراندن و لەسەر کارلادانی سەرۆکی هەرێمەکانی دابووە دەستی یاریدەدەری سەرۆکی ئاک پارتی، کە بە واژۆی سەرۆکی پارتەکە جێبەجێ دەکرا. سەندنەوەی دەسەڵاتی دامەزراندنی بەرپرسە باڵاکان لە سەرۆك وەزیرانی تورکیا کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان ئەردۆگان و داود ئۆغلۆی زۆر زیاترکرد،

کە هەندێک پێیان وایە ئەمە هۆکاری سەرەکی دەست لەکارکێشانەوەکەی ئۆغلۆیە. چونکە ئەم بڕیارە بە بێ ویستی ئۆغلۆ دەرکرا، هەربۆیە لەلایەن ئۆغلۆو لایەنگرانی ئەم هەنگاوە وەک ئینقیلابی ئەردۆگان لەنێو ئاک پارتی خوێندنەوەی بۆ کرا، هەربۆیە دوای چەند رۆژێک بەسەر ئەو دانیشتنەدا ئۆغلۆ بریاری دەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی ئاشکراکرد.

## سەرئەنجام

پاش بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی داود ئۆغلۆ، دەرکەوت سەرۆک کۆماری تورکیا (رەجەب تەیب ئەردۆگان) هەوڵدەدات کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات لە دەستی خۆیدا، لەکاتێکدا بۆ نزیکەی سەد ساڵ دەچێت ئەو دەسەڵاتانە بەپێی دەستور و یاسا کارپێکراوەکانی تورکیا بەخشراونەتە سەرۆک وەزیران. هەر ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیداری بۆ ئایندەی تورکیا لێ دەخوێندریتەوە، وەک چۆن کلێچدار ئۆغلۆ (سەرۆکی جەهەپە) باسی لەبارەوە کردو دەست لەکارکێشانەوەی ئۆغلۆی بەکودەتاو دیکتاتۆربونی ئەردۆگان وەسف کرد، هاوکات لەوبارەیەوە گوتی "ئۆغلۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی لەڕێگای دەنگی 23 ملیۆن دەنگدەری پارتەکەی بەدەست هێنا، بەڵام بە ئیرادەی یەک کەس ناچار بە دەست لەکارکێشانەوە کرا".

ئەردۆگان ناخوازێت هیچ کەسێ هاوبەشی بێت لەدەسەڵاتدا. نە لەنێو ئاک پارتی، نە لە دەسەڵاتی بەرێوەبردنی تورکیادا. بە واتا لە تورکیادا نابێت کەسی دووەم هەبێت، بەڵکو دەبێت تەنها یەک کەسی خاوەن دەسەڵات بێت، تەنها یەک کەسیش بەناوی تورکیاوە جێگای بایەخی میدیا

ناوخۆی و جیهانیەکان بێ، ئەو تەنها کەسەش سەرۆک کۆماری تورکیایە (رەجەب تەیب ئەردۆگان). بە واتایەکی دیکە گەر کەسێکی دیکە هاوشانی ئەردۆگان لەدەسەڵاتدا ئامادەی هەبێت، ئەوا دەبێ دواجار ببێتە وێنای خواست و ئامانجەکانی ئەردۆگان و وەک کارمەندێک گوێرایەڵی خۆیی بۆ رابگەیەنێت، ئەگەرنا دەبێ چاوەڕوانی چارەنوسی هاوشێوەی (ئۆغلۆ و عەبدوڵا گویل و بوڵەند ئارینج و حوسێن چەلیك و نیهاد ئەرگون و سەعدوڵڵا ئەرگین ...هتد) بێت.

لە دۆخی ئێستاشدا تورکیا بووبووە سیستمێکی خاوەن دوو فەرمانڕەوا، بۆیە ئەستەم بوو دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوامی هەبێت، لەبەر ئەمەش دواجار دەبوو یەکێکیان لەپێناو ئەوی دیکەدا دەستبەرداری پلەو پۆستەکەی بێت. لەکۆتایشدا داود ئۆغلۆ ئەو هەنگاوەی هەڵناو هاوشێوەی عەبدوڵا گویل بە بێدەنگی و لەبەرژەوەندی ئەردۆگان لە یاریکە هاتە دەرەوە.

داود ئۆغلۆ پشت بەست بە تیۆری (سفرکردنەوەی کێشەکان) لەسەر ئاستی هەرێمی و نێوەدوڵەتی کاریگەری گەورەی لەسەر ئەکتیڤکردنی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەبوو، بە ئاڕاستەی بەهێزکردن و ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان. بەجۆرێک ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا پشتیوانیان لە ئۆغلۆ و سیاسەتەکانی دەکرد، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا. رادەی ئەوگرنگی پێدانەی ئەمریکاو ئەوروپا، ئەردۆگانی دوچاری هیستریاو غروری شەخسی کردبوو دەرهەق بە ئۆغلۆ.

بۆ نمونە لەم بارەیەوە بڕیاربوو داود ئۆغلۆ لەم هەفتەیەداو لەسەر داوای ئۆباما سەردانی ئەمریکا بکات، بەڵام وەک لەمیدیاکانی تورکیادا

بڵاوبویەوە ئەردۆگان شکستی بەو سەردانەی ئۆغلۆ هێناوە. بەڵام گەر بەراوردی سەردانەکەی مانگی ڕابردوی ئەردۆگان و شێوازی چاوپێکەوتنەکانی بدەین لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەمریکا، ئەوە بەڕونی دەبینین کە ئەمریکا زیاتر کەسێتی داود ئۆغلۆیان بەلاوە گرنگتربوو بەبەراورد لەگەڵ ئەردۆگان. ئەو بانگێشتەی ئۆباما بۆ ئۆغلۆ ئەو تێروانینەی ئەمریکای بۆ ئەردۆگان ڕوون کردەوە. هەر ئەمەش وایکرد ئەردۆگان ئەو دۆخەی پێ قبوڵ نەکرێت بەو جۆرە کاردانەوەی هەبێت.

وابڕیارە لە ڕێکەوتی 2016/5/22 ئاک پارتی کۆنگرەی نائاسایی خۆی ببەستێ، ئەحمەد داود ئۆغلۆش چیتر جارێکی دیکە خۆی کاندید ناکاتەوە بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئاک پارتی، لەو کۆنگرەیەشدا سەرۆکێکی نوێ بۆ ئاک پارتی و ئەنجومەنی وەزیران دەست نیشان دەکرێت. لە ئێستاشدا چەند کەسێک بۆ جێگرتنەوەی ئۆغلۆ باسیان لەبارەوە دەکرێت ئەوانیش (عەلی یەڵدرم: وەزیری پەیوەندی و گەیاندن، بورات بیراک: زاوای ئەردۆگان و وەزیری وزە، بەکر بۆزداغ: وەزیری داد، نوعمان کورطوڵموش: وتەبێژی حکومەتی تورکیا، یەڵچین ئەکدۆغان: ئەندام پەرلەمانی ئاک پارتی و جێگری سەرۆک وەزیرانی پێشوی تورکیا ).

لە داهاتوودا کاردەکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەڵبژاردنی پێشوەختە لە تورکیا ئەنجام بدرێت. بۆ ئەو هەڵبژاردنەش ئاک پارتی هەوڵ دەدات زیاتر لە 316 کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، تاوەکو بەتەنها کابینەی حکومەت پێک بێنیتەوە .

ئامانجی یەکەمی ئاک پارتی لە هەڵبژاردنی ئایندە ئەوەیە کە (هەدەپە-مەهەپە) نەتوانن بەربەستی 10% تێپەڕ بکەن، بۆ ئەوەی بە ئاسانی

بتوانێ 367 کورسیی پەرلەمانی مسۆگەر بکات، تاوەکو پرۆسەی گۆرانکاری هێنان بەسەر دەستور و سیستمی سیاسی تورکیا، بە بێ ریفراندۆم ئاسانتر بکات. خۆ ئەگەر ئەمە نەبێت ئامانجی دووەمی ئاک پارتی بۆ ئەوە دەبێ کە 330 کورسی پەرلەمانی کۆبکاتەوە، تاوەکو لەڕێگەی ریفراندۆمی گشتیەوە بگەن بە ئامانجەکەی ئەردۆگان، کەخۆی دەبینێتەوە لە گۆرانکاری بەسەر دەستوری تورکیا، دواتر گۆڕینی سیستمی سیاسی تورکیا لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی.

وەک سەرچاوەی هەواڵی سود بینراوە لە ماڵپەرەکانی:

(ڕوداو، حەیاتی لەندەنی، تورکیا پۆست، تورک پرێس، تورکیا نیوز، تورکیا 24).